ئەرپاک وریا یاریزانی شەترەنجی هەڵبژاردەی عێراق:

# هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم یاریزان و راهێنەری بیانی بهێنن

ئەرپاك وریا قانع یەكێكە لە یاریزانە بەتواناكانی یاری شەترەنجی یانەی خانزاد و هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقییە. ئەو یاریزانە لە بنەماڵەیەكی دیاری كوردستانن كە زۆربەیان خەریكی ئەنجامدانی یاری شەترەنجن. ئەرپاك بۆ هەریەك لە یانەكانی ئاسۆ و سیروانی نوێ و سەرچنار و برایەتی و ئارارات و خانزاد و هەڵبژاردەی عێراقی یاری كردووە. ناوبراو لە دایكبووی ساڵی ١٩٧٠یە و دەرچووی پەیمانگای تەندروستییە و لە ئێستادا بۆ هیچ تیپێك یاری ناكات، بە هۆی سڕكردنی لەلایەن یەكێتی ناوەندی شەترەنجی عێراقی، سەرەڕای ئەوەش چەندین گرێبەستی لەلایەن یانە عەرەبییەكان پێشكەش كراوە بۆ یاریكردن، ئێمەش لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاڕاستەی كرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



دیمانە: کارزان کانەبی

*** لە ئێستادا ئاستی یاری شەترەنج چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا ئاستی یاری شەترەنج باش نابینم، کەسانێك لە کوردستان شەترەنج بەڕێوە دەبن کە شەترەنجی نین تەنیا گیرفان پڕکەرن، بە بۆچوونی من دەبوایە مرۆڤی شیاو بۆ شوێنی شیاو دابنرێت، تاکو ئێستا لە کوردستان یاریزانی باش درووست نەبووە کە بتوانێن کێبڕکێ بکات لە پاڵەوانیتیەکان، لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی دارایی کوردستان بە تەواوی وەرزشی شلۆق کردووە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- بێگومان بەشداری نەکردنی یاریزان لە پاڵەوانێتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی یاریزان دابەزێت، پێویستە یاریزان بەردەوام بێت و ئاگای لە هەموو شتە نوێیەکان بێت، چونکە شەترەنج زانستە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕاندایە.

*** بۆچی ئێستا لە یانەی خانزاد دووری ؟**

- من بە هیچ شێوەیەك یانەی خانزادم جێنەهێشتووە، بەڵام دوای ئەوەی سزرکرام لەلایەن یەکێتی شەترەنجی عێراقی، ئیتر نەمتوانی لە پاڵەوانیتی یانەکانی عێراق بەشداری بکەم.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ یاری شەترەنج بۆ ئەوەی ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

-بەرزبوونەوەی ئاستی شەترەنج پەیوەندی بە بارودۆخی وڵات و خودی یاریزانەکە و ئەو چوارچێوە هەیە کە لەگەڵی دەژی. بەرزبوونەوەی ئاستی یاریزان پێوەندی هەیە بەوانەی کە لەم بوارە کاردەکەن، هەروەها پێوەندی بە باری ئابووری یاریزانەکەشەوە هەیە. زۆر پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی هەیە کە دەکرێتەوە، بەڵام یاریزان ناتوانێت بەشدار بێت، چونکە پارەی پلیتی فڕۆکە و هوتێل و خواردنی نییە و هەمووی لەسەر گیرفانی خۆیەتی، من و کوڕەکەم کە یاریزانین بەم دواییە کە دەعوتێکمان بۆ هات لە تورکیا حیسابمان دەکرد، نزیکەی ٢٥٠٠دۆلار-مان دەروات، بۆیە بەشداریمان نەکرد، بە بڕوای من لە ئێستادا هەموو قەیرانەکان بەرۆکی کوردستانییانی گرتووە، لە مووچە و جەنگ و گەندەڵی و لە ئێستاشدا هیچ ناکرێت.

*** گرفتی یاری شەترەنج زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- لەوەدا دەبینیم کە ئەوانەی لەم بوارەدە کاردەکەن وەرزشدۆست نین، لە گیرفان پڕکردن زیاتر هیچی دیکە نازانن، ئەمە بە پلەی یەکەم، بە پلەی دووەم کەمیی کردنەوەی پاڵەوانێتییە، سێیەمیش خواردنی مافی یاریزانە. بۆنموونە کوڕەکەی من پاڵەوانی عێراق بوو لە تەمەنی ٦ ساڵیدا، بەڵام سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق کوڕەکەی خۆی نارد بۆ دەرەوە کە دووەم بوو، بەم جۆرە مافی کوڕەکەی منیان خوارد.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەر لەوەی سزبکرێم چەندین یانەی کوردستان و عێراقیش گرێبەستیان پێشکەش کردبووم.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- داهاتووی من وەك داهاتووی هەر یاریزانێکی وەرزشییە کە ڕوو لە تەمەن دەکات، من بڕیارم داوە چیتر بۆ عێراق یاری ناکەم، چونکە ئەوانەی ئەو یارییە بەڕێوە دەبن، دیکتاتۆرن، ئەوانە هیچ لە شەترەنج تێنەگەیشتوون، ڕەنگە لە داهاتوو وەك فێرکار بەردەوامی بە ژیانی شەترەنج بدەم، من ڕۆژانە چەندین کەس داوام لێ دەکەن فێری ئەم یارییەیان بکەم، هەر لەبەر ئەمە لە هەر شوێنێك بم وانەی هونەر و زانستی شەترەنج بە دەوروبەرەکەم دەڵێمەوە.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی شەترەنج یاریزان و ڕاهێنەری بیانی بهێنێت؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم هەرگیز یاریزانی بیانی و فێرکاری بیانی بهێنن، ئەمە جگە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، من هیچ شێوەیەکی تری نابینم، بۆیە پێم باشە پشت بە یاریزانەکانی خۆمان ببەستین و گرنگی بە یاریزانەکانی خۆمان بدەین.

*** ئێوە بە خێزانی وەرزشوانن. چی وای لە ئێوە کردووە بۆ ئەوەی هەمووتان ڕوو لە یاری شەترەنج بکەن؟**

- ئێمە لە بنەماڵەیەکی ئەدیب و وەرزشدۆست هاتووینەتە دونیاوە، هەمووشمان یاری شەترەنجمان هەڵبژاردووە، چونکە باوکمان لەم بوارە شارەزایی هەبووە، دواتر خوشکەکانم بەتایبەتی فرمێسکی خوشکم بۆ چەندین ساڵ پاڵەوانی عێراق و عەرەب بوو، ئەم ئەنجامە باشانە وایکرد هەموومان ڕوو لەم یارییە بکەین، ئێستاکەش کوڕەکەی من لە چەندین پاڵەوانێتی منداڵانی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

*** بۆچی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوام نیت و بە هۆی چی سزکراوی؟**

-من لە ساڵی ٢٠١٣ لە هەڵبژاردەی عێراق بووم، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ لەبەر ئەوەی سزکراوم بێبەش بووم لە بەشداریکردنم، ئێستا ڕۆژانە یەکێتی شەترەنجی عێراق پێوەندیم پێوە دەکەن بۆ ئەوەی داوای لێبوردن بکەم، لەو یارییەی لەگەڵ یاریزانێکی ئیسرائیلی ئەنجامم داوە، بەڵام من هەرگیز داوای لێبوردن ناکەم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داواکارم لایەنی بەرپرس لێپرسینەوە لەگەڵ گەندڵەکاران بکەن، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ گەندەڵییەکانیان دابنرێت، من گلەییم هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی کوردستان، چونکە ئەوان لە پشت ئەو گەندەڵییانەن کە لە کوردستان دەکرێت، لە بواری وەرزشی شەترەنج. بۆ دوو ساڵ دەچێت یانەی خانزاد پارەی گرێبەستەکەی منی خواردووە، چەندین جار داوام لێ کردوون، هەر جارەو بیانوویەك دەدۆزنەوە .

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا دەتوانی باسی بکەی؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە پێشەنگ بوون لە خزمەتکردن بە وەرزشی کوردستان و بەسەرکردنەوەی وەرزشکاران لە هەموو یارییەکان، سوپاس بۆ هەموو وەرزشدۆستێك کە بۆ خزمەتکردنی وەرزش بێنە مەیدان و سەری نەتەوەکەیان بەرز بکەنەوە.

**کوڕەکەی من پاڵەوانی عێراق بوو لە تەمەنی ٦ ساڵیدا، بەڵام سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق کوڕەکەی خۆی نارد بۆ دەرەوە کە دووەم بوو، بەم جۆرە مافی کوڕەکەی منیان خوارد**

**بڕیارم داوە چیتر بۆ عێراق یاری ناکەم، چونکە ئەوانەی ئەو یارییە بەڕێوە دەبن، دیکتاتۆرن، ئەوانە هیچ لە شەترەنج تێنەگەیشتوون، ڕەنگە لە داهاتوو وەک فێرکار بەردەوامی بە ژیانی شەترەنج بدەم**

# لە یانەی ریال مەدرید تەنها کریستیانۆ پشووی وەرنەگرتووە

ئەو پرەنسیپەی راهێنەری یانەی ریال مەدرید رافائیل بینیتز جێبەجێی دەکات لە کاتی یارییەکاندا چەند تایبەتییەکی تیادا جیاکردۆتەوە. لەمبارەیەوە رۆژنامەی ئێسی ئیسپانی بە مانشێتەکی گەورە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بینیتیز تەنیا لە ئەگەری تووشبوون بە پێکان و ماندووبوونێکی زۆر نەبێت، پشوودان بە رۆناڵدۆ رەددەکاتەوە. رۆژنامەکە پشتی بە چەند ئامار و داتایەك بەستووە کە ئەوە دەردەخات کریستیانۆ رۆناڵدۆ تەواو لە دەرەوەی پلانی بینیتیزە، بە جۆرێك ناوبراو پشتی تەواوی بەو یاریزانە بەستووە و لە سەرجەم یارییەکان لە هەر دوو رکابەری لالیگا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە شێوەی سەرەکی و بۆ ماوەی نەوەد خولەك یاری پێکردووە. هەر لە راپۆرتی رۆژنامەکەدا هاتووە کریستیانۆ ١٠٠٪ لە یارییەکان یاری کردوە، واتە لە کۆی ١٤ یاری کە دەکاتە ١٢٦٠ خولەك ئەمەش کاتێکی زۆرە کە ناوبراو تووشی ماندووبوونی جەستەیی دەکات، بەپێی رۆژنامەی ناوبراو، پێویست دەکات ئەو یاریزانە پشووی پێ بدرێت تا لە هەر پێکانێك دووچاری دەبێت، چاك ببێتەوە. لە بەشێکی دیکەی راپۆرتی رۆژنامەی ئێس هاتووە: پێکان گورزێکی کاریگەری لە یانەی ریال داوە، بە جۆرێك سەرجەم یاریزانەکان دووچاری پێکان هاتوون، تەنیا کریستیانۆ نەبێت، لەوانە یاریزانانی وەك گۆڵپارێز ناڤاس و خیمس رۆدریگز، مۆدریچ، گاریس بیل، کەریم بنزیما، دانیلۆ، پیپی و رامۆس هەموویان پێکانیان هەیە، بەڵام یاریزانانی یەدەگ توانیویانە بۆشایی ئەو ئەستێرانە پڕ بکەنەوە و بینیتیز لەم تەنگژەیە دەرباز بکەن. لە کۆتایی راپۆرتەکەدا رۆژنامەکە دەپرسێت: ئایا رۆناڵدۆ بە پێکراوی یاخود بە هۆی ماندووبوونێکی زۆری جەستەیی لەسەر کورسی یەدەگ دادەنیشێت؟ چونکە لە ئەگەری دابڕانی ئەو ئەستێرەیە ئەوا قەرەبووکرنەوەی ئەستەمە و بە هیچ یاریزانێکی تر ناتوانرێت شوێنی پڕبکرێتەوە.






## رامیریز: لەدوای یارییەکەی لیڤەرپول مۆرینهۆ قسەی لەگەڵ یاریزانەکان نەکرد

یاریزانی بەڕازیلی یانەی چێڵسی ئینگلیزی رامیریز هەڵسوکەوتی راهێنەری تیپەکەی جۆزی مۆرینهۆ ئاشکراکرد لەو کاتەی و لە یارییەکی گرنگدا لە خولی پریمەرلیگ رووبەڕووی لیڤەرپول بوویەوە و بە ئەنجامی ٣-١ گۆڵ دووچاری دۆڕاندن هاتن. لەمبارەیەوە رۆژنامەی ئەکسپریس لە زاری رامیریز بڵاویکردۆتەوە: دوابەدوای یاری لە بەرامبەر لیڤەرپول کە دووچاری شکست بووینەوە، بەڕێوەبەری هونەری تیپەکەمان جۆزی مۆرینهۆ بە هیچ شێوەیەك لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانان هیچ قسەیەکی بۆ یاریزانان نەکرد. رامیریز کە لە سەرەتای ئەو یارییەدا تاکە گۆڵی بلوزی تۆمار کرد، وتی: سەرەتا زۆر باش دەرکەوتین، بەڵام لە گێمی دووەم هەلی زۆرمان بۆ رەخسا و نەمانتوانی سوودی لێ وەربگرین، لە بەرامبەردا تیپی رکابەر توانی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت و گۆڵمان لێ تۆمار بکات. ناوبراو وتیشی: ئەستەمە لە یارییەکی وا گرنگدا بردنەوە بزر بکەیت. سەبارەت بە هۆکاری قسەنەکردنی مۆرینهۆ بۆ یاریزانان رامیریز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، بەڕێوەبەری هونەری تیپەکەمان کاتەکەی بەگونجاو نەزانی بۆ ئەوەی قسە بکات، بۆیە لە داهاتوو قسەی خۆی دەبێت و بێگومان پێداچوونەوە بە پلان و شێوازی کارکردنی دەکات لەگەڵ یانەکەی.




## ئۆزیل: بە باشترین یاریزانی مانگ بۆ کیشوەری ئەورووپا هەڵبژێردرا

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی ئەورووپا ناسراو بە یویفا یاریزانی ئەلمانی یانەی ئەرسناڵ مەسعود ئۆزیلی بە باشترین یاریزانی مانگ دەست نیشانکرد، چونکە ئەو یاریزانە بە هۆکاری سەرکەوتنەکانی ئەو یانە لەندەنییە دەزانێت. ئۆزیل لەم وەرزە دا ٩ گۆڵی بۆ هاوڕێکانی دروست کردووە، بەمەش لە روانگەی داتاکانی یویفاوە ئەوا لە پلەی یەکەمدا دێت و هەریەکە لە سانتی کازۆریلا لە یانەی ئەرسنال، داگلاس کۆستا لە یانەی بایرەن میونشن، رافائێل لە یانەی مۆنشن گلادباخ و پیانیچ لە یانەی رۆما لە پلەکانی دواییدا دێن. ئۆزیل لەوەتەی پێوەندی بە ریزەکانی یانەی ئەرسناڵەوە کردووە، زیاتر لە هەموو یاریزانانی دیکەی خولی پریمەر لیگ گۆڵی دروست کردووە، بەشی داتاکانی یوفاش ئاماژە بەوە دەکات کە ئۆزیل تا ئێستا ٢٣ گۆڵی بۆ هاوڕێکانی دروست کردووە، هەر ئەوەش وایکرد یویفا نازناوی باشترین یاریزانی مانگی تشرینی یەکەم بۆ کیشوەری ئەورووپا بە ئۆزیل ببخەشێت.